# سەیرو سەمەرەی سێ کۆمۆنست

## عادل ئیبراهیم

گلەیم لێ مەکەن‌و ناهەقم مەگرن کە هەلوێستەیەکی پێکەناوی بگرم بۆ سیان لە کۆمۆنستەکانی ئەم دنیا پر جەنجال‌و مەترسیدارە، من گوناهێکم نییە بەڵکو ئەو سیانە بۆ خۆیان ئەم ماوەیە بونەتە پالەوانی شانۆی سەیرو سەمەرەی ناو تراژیدیای قەیرانی بزووتنەوەی کۆمۆنستی..، گەر لۆمەیەك لەسەر من هەبێت تەنها ئەوەیە لەبەرامبەر ئەم سیناریۆیەدا ناتوانم خۆم راگرم‌و ئەتەقم گەر شتێ نەبێژم.

ئەوەتا بە بەر چاوی هەموومانەوە کاك زمناکۆعزیز ئەندامی مەکتەبی سیاسی حیزبی کۆمۆنستی کرێکاری لە نامە قەشەنگەکەیدا داوا دەکات لە جلال تالەبانی‌و مەسعود بەرزانی وەك دوو رابەری خەلکی کوردستان خیانەت بە خەلکی نەکەن‌و فرسەتی جیابونەوەی کوردستان لەدەست نەدەن.

کاك زمناکۆ بەم ختابە میژووییە رادەگەیەنێ خۆی‌و رابەرانی حیزبەکەی نایانەوێ رابەری خەلك بن، چونکە رابەرانی تر لە ناو ناسیۆنالستەکاندا هەن کیشەی کورد وەلام بدەنەوە، پیم وایە ئەم رستەیە کاف بیت‌و لەوە زیاتر لەسەری نەرۆم، سەبارەت بە جلال‌و مسعود، وە یەکیتی‌و پارتی ئەوندەیان لەسەر ووتراوە توێخیان پێوە نەماوە، کەسێك نییە لە نیو کۆمۆنیزمی کرێکاریدا کە نەلێ ناسیونالیزم وەلام دەرەوەی زوڵمی قەومی نییە. بەلام پیم باشە ئەوە بێژم کە نامەکەی کاك زمناکۆ وەك ئەو یاری کەرە وایە کە لە یاری تۆپی پیدا شوتێکی لێ هەڵە دەبێت‌و گۆڵ لە خۆیان دەکات.....! بۆیە  حیزبی کۆمۆنستی کریکاری عیراقدا بیدەنگەیان لیکردو نەیان هیشت گەورە بیت، پێم وایە کارێکی عاقلانەیان کرد.

ئەوە سەمەرەی یەکەم، جا سەرتان نەیەشینم سەمەرەی دووەم لەوە خۆشترو خەندەدارترە ئەوەیش وەلامی کاك سمیر نوریە بە کاك زمناکۆ، کە لە کۆتایی وەلامەکەیدا دەلێت " ئیمە دەمێنین ئێوە دەرۆن" هەرچەندە ئەم کۆپلەیە وەك خۆی ووتەنی لە منسور حکمەتەوە وەری گرتووە، بەلام گەر مەنسور حکمت بمایەو لە شوێنیکەوە ئاگای لەم هەرایە بوایە دەیوت رفیق سمیری عزیز "جا ئەمە مانە؟" هەلەبتە هەرکەس رەحیمی سلیمانی بناسی دەزانێ "ئەمە مانە" بۆ چی دەبێژرێت، ئاخر لە لایەك کە حیزبی کۆمۆنستی کریکاری عیراق راست بێت‌و بەشی چەپی تەقوایی لە عیراق بە زەربین بۆیان بگەرێیت لە ناو عیراقدا نایان دۆزیتەوە، ئاخۆ ئەم غرورەی کاك سمیر گالتە نەبێت بە عەقڵی ئیمە؟!. هەرچییەك بێت ئومێدەوارم بێ بەلاَ بێت

کاك سمیریش زۆر بەداخەوە لەدنیای سیاسەت‌و رابەریدا لەو یاری کەرانە دەچیت کە لەیاریدا لە ریزی  ئەو ئحتیاتانەیە بە دەگمەن داخل بەیاری دەکرێت، وە هەمیشە بە ئاواتی ئەوەیە بەلکو قاچی زۆرترین یاریکەر بشکێ بەلکو نوبەی داخل بونی پێ بدرێت، کاتێ داخل دەکرێت بێ ئەوەی کەس شەقی لێبدات خۆی دەخزێ‌و قاچیك‌و دەستێکی دەشکێت.

سەمەرەی سیهەم لە هەمویان خۆشترو بێتام ترە، ئەوەیش زنجیرە ئەلقەکانی کاك بژاری شاعیرە کەس نازانی چەند ئەلقەی دەبێت، بەلام کەسێ کەمێ عەقلی هەبێت دەزانی کۆتاییەکەی بە چی دەگات، چونکە ئەم زنجیرە ئەلقانەی بە ناوی " تێبینیەکانم لە مەر حیزبی تازە بۆ هاورییان(..).."، لە زنحیرە ئەلقەی وەستا جومعەی رەمەزانی تەلەفیزیونی کوردسات دەچیت کە لە کۆتایدا جومعەی شاگرد خۆی‌و چاخانەکەی سوتاند، لەوە دەچیت کاك بژاریش وەك جومعەی شاگرد چارەنوسی خۆی‌و حیزبەکەی بە هەمان دەرد بەرێت..!

زۆر بەداوای لیبوردنەوە دەلیم ئاخۆ لە نیو چەپی تەقوایی بەشی عێراقەکەی کەسێکی عاقڵی وەهای تیا نەبیت بە کاك بژار بلیت ئیتر با لەوە زیاتر خەجالەتیان نەکات‌و لە جیگەیەکدا ئەم سەیرو سەمەرەیە لە ناو بزووتنەوەی کۆمۆنستیدا راگریت.